# سکەندالی تێکستی عارەبی لە پەرلەمانی کوردستاندا

**شاخەوان شۆڕش**
2005.6.8

**دوای مشتومڕە نهێنیەکانی مەڕ چۆنیەتی سیستەمی یاسای بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتی بۆ باشوری کوردستان لە نێوان یەکێتی و پارتی, جۆرە ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا هاتەدی. تێکستی ڕێکەوتنەکە کە بریتی بووە لە یاساکە بۆ پەرلەمان ناردرا کەوا دەمەتەقێ و مشتومڕی لەسەر بکەن. زۆر واپێدەچێت تێکستەکە لە بنچینەدا بەعارەبی لە نێوان یەکێتی و پارتی ڕێکخراوە و نووسراوە, ئەوان هەر لەسەر ئەو تێکستە عارەبیەش مشتومڕیان بووە و ڕێکەوتنیان کردووە. کە تێکستەکەش بۆ پەرلەمان ناردراوە, بە زمانی عارەبی نوسراوە و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بڕیاریان داوە هەر بەعارەبی بێت, گوایە هەندێ چەمک و ووشەی یاسایی هەیە لە زمانی کوردیدا نییە, بۆیە وایان بەباش زانیوە هەر بەعارەبی بێت!! بەر لەوەی بچمە ناو بابەتەکە پێویستە بگوترێت, ئەوە بۆ باشوری کوردستان جۆرە سکاندالێکی هەرە گەورەی فرە واتایە و کۆمەڵێ نیشانەی پرسیار بەدوای یەکدا ڕیز دەکات.**

**یەکێ لە بەها هەرە گرنگەکانی ناسیۆن زمانە, چونکە زمان لەلایەک فاکتەرێکی گرنگی جوداکردنەوەی نەتەوەکانە لەیەکتر, لەلایەکی دیکە زمان دەربڕینی کەلتور و هەست و نەستی ناخی نەتەوەیە. هیچ زمانێکی بێگانە ناتوانێ بەتەواوی گوزارشتی ئازارەکانی نەتەوەیەک بکات, زمانی ڕەسەنی کەلتور و کۆمەڵگەکە خۆی نەبێت, چونکە هیچ زمانێک ناتوانێ وەکو ئەو لە خەڵکەکە و تۆڕی پەیوەندیە ئالۆزەکانی ناوەوەی ئەو کەلتورە بگات. هەر یاسا و ڕێسایەکیش بۆ ئەو کۆمەڵگەیە بە زمانە خۆیەکیەکە نەبێت ناتوانێ لە ئاستی پێداویستیەکانی ئەو خەڵکە بێت و تێیان بگات. چونکە زمانی بێگانە لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا چاوی هەڵنەهێناوە, پەروەردە نەبووە, نەڕسکاوە, لەگەڵ خەڵکەکەیدا تووشی ساردی و گەرمی نەبووە و شین و شایی نەگێڕاوە.**
**هەموو نەتەوە خاوەن ستاتەکان و بێ ستاتەکان جەخت دەخەنە سەر گرنگی زمانی ڕەسەنی خۆیان و هەوڵی پاراستن و پاکڕاگرتن و پێشخستنی دەدەن. زۆربەی ئەو وڵاتانە سەدان ساڵە سەربەخۆن و هیچ مەترسیەکی توانەوەشیان لەسەر نییە, کەچی ئێستاش نرخی زمانەکەی خۆیان لا بەرزە و بەردەوام خەریکی پاراستن, پاکڕاگرتن و پێشخستنین. هەموو وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراسیەکانی جیهان زمانی خۆیان لەسەرووی هەر زمانێکی دیکەی بێگانە دادەنێن و ئامادەش نیین بە کەمتری دابنێن. زمانە بچوکەکان دان بە دەوڵەمەندی زمانە گەورەکاندا دەنێن, بەڵام هەرگیز ناهێڵن زمانە گەورەکان جێگای زمانەکەی ئەوان بگرێتەوە. لەسەر ئاستی ستات و پەرلەمان یا بنچینەیاسا و دەکومێنتە یاساییەکاندا تەنها زمانی نەتەوە بەکار دەهێنرێت و ڕێگا بەزمانی دیکە نادرێت. ئەوەش کارێکی زۆر ئاساییە و هیچ سەیر نییە.**
**بۆنمونە لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا هەر نوێنەرە و بە زمانی وڵاتەکەی خۆی دەدوێت و ئەوانیتر لە ڕێگای وەرگێڕەکانیاندا ووتەکەیان بۆ وەردەگێڕدرێت. ئەوەش نە ڕەگەزپەرستیە و نە تاوانە بەرامبەر بەزمانە بێگانەکانی دیکە.**
**دیسان دەیلێمەوە, ئەوانە هیچیان مەترسی توانەوەیان لەسەر نییە و لەژێر دەستی داگیرکەریشدا نیین.**
**باشە ئەگەر نەتەوەیەک لە خەباتی ڕزگاریدا بێت و هەوڵ بۆ دانپێنانی زمانەکەی بدات و بیەوێ لەگەڵ زمانی نەتەوەی سەردەست یەکسانی بکات, دەبێ هەڵوێستی بەرامبەر بە زمانەکەی خۆی چی بێت و ئەو زمانە لای ئەو ناسیۆنە ڕزگاریخوازە چەند گرنگی هەبێت؟ دەبێ ئەو ناسیۆنە چەند بەرزتر لە نەتەوە ئازادەکان لە زمانەکەی خۆی بڕوانێت؟ وەڵامی ئاسایی و بێگومانی ئەو پرسیارانەیە ئەوەیە, ئەو نەتەوەیە بە بەرزی و پیرۆزی لەزمانەکەی خۆی دەڕوانێت و زمان بۆ ئەو ناسیۆنە گرنگی گەلێ زیاترە وەک بۆ ستاتە سەربەخۆکان, چونکە زمان بەهایەکی گرنگی ناسیۆنەکە و جودایيە نەتەوایەتیەکەیەتی. بەوشێوەیە بەئەگەری زۆر ئەوان زیاتر و ڕادیکالانەتر گرنگی بەزمانەکەیان لە هەموو بوارەکاندا دەدەن.**

بەڵام ئەگەر نەتەوەیەک بانگاشەی ڕزاگریخوازی بکات و بڵێ خەبات بۆ ڕزگاری دەکەم, کەچی زمانی نەتەوەی داگیرکەری لا باشتر و گرنگتر و گونجاوتر بێت, ئەوە بەئەگەری زۆر ئەو "نەتەوەیە" یا خاوەنی زمانێکی ڕەسەنی خۆیەکی نییە, یان ئەوە ناهوشیاری, بێئاگایی و دواکەوتوویی ... هتد. سەردارانی ئەو نەتەوەیە بەجۆرێ لەجۆرەکان دەردەخات.

سەرکردەکانی باشوری کوردستان زۆرجار ئاماژە بە سەرکەوتنی خۆیان لە بەدەستهێنانی یاساکاتیەکە دەکەن, لە نێو ئەو یاسایەدا ئاماژە بە وەکویەکی زمانی کوردی و عارەبی دەکەن و ئەوە بەسەرکەوتنێکی گرنگ دادەنێن. بەو واتایە زمانی کوردی هەمان ستاتوسی زمانی عارەبی پێدراوە.

لەسەر ئاستی ئێراقدا بەکردەوە ئەوە تائێستا نەهاتۆتەدی و عارەبەکان لە گەلێ بواردا نکۆڵیان لەو یەکسانیە کردووە. لەپەرلەمانی ئێراقی بەناو فیدرالدا, پەرلەمانتارە کوردەکان هەموویان بە عارەبی دەدوێن و هیچ بەپێویستیشی نازانن ئەو زمانەی خۆیان لە جیاتی عارەبی بەکاربهێنن. سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لەبەغدا و شوێنی دیکەی ئێراق و بگرە زۆرجار لەکوردستانیش بە زمانی عارەبی دەدوێن.

بەکورتی جگەلەوەی عارەب نایەوێ مل بۆ ئەو یەکسانیەی زمانی کوردی و عارەبی بدات, کوردەکە خۆشی لە زۆربەی بوارەکاندا پێشێلی ئەو یەکسانیە دەکات و زمانی عارەبی سەر زمانەکەی خۆی دەخات. نوێترین و سەیرترین نمونە, تێکستی یاسای سیستەمی بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتیە, کە سەرەتا سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لە نێو خۆیاندا بە عارەبی نووسیویانە و ڕێکیان خستووە و پاشان بە هەمان زمانی عارەبی بۆ پەرلەمانیان ناردووە. پەرلەمانیش وەکو دیارە بازنێکی دەستی یەکێتی و پارتییە, لەسەر ڕێو ڕێچکەی گەورەکانیان دەڕۆن و پیادەی ڕێبازی ئەوان دەکەن (گەورە دەڕژێنی و گچکەش پێی لێدەخشێنی).

ئایا زمانی کوردی هێندە لاوازە کە نەتوانرێ چوار لاپەڕەی یاسایی پێ بنوسرێتەوە؟ ئایا زمانی کوردی هێندە بێکەلکە و بە کەڵکی نوسین نایەت, بۆیە زۆربەی دەکومێنتەکانی سەرانی کورد بە عارەبی دەنوسرێن, (بۆنمونە یاسای کاتی بەعارەبی بوو و ئەو یاسای سەرۆکایەتیەش لە "وقائع کوردستان" بە عارەبی بۆ خەڵکی کوردستان بڵاودەکرێتەوە!!!)

سێ سەدە بەر لەئێستا "خانی" شاکاری مەم و زینی بەکوردی نوسیەوە. دوو سەدە بەر لەئێستا "نالی" هۆنراوەکانی خۆی بەکوردی نوسیەوە. سەدەونیوێک بەر لەئێستا "حاجی" لە ڕقی کوردە نۆکەر و تورکپەرستەکان, جوێنی بەوانەدا کە بەکوردی نانوسن و نادوێن, چونکە ئەو پێیوابوو زمانی کوردی چی لە تورکی و فارسی و عارەبی کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت. وابزانم پێویست ناکات, زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم, چونکە وەکو مانگی چواردە ئاشکرایە کەوا زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و پاراوە. شایانی باسە من لە نوسینەکانمدا هیچ پێویستم بە یارمەتی زمانی ئەنفال نییە و هیچ ساتێکیش لە نوسینی بابەتی و زانستیانە بە زمانی کوردی پەکم نەکەوتووە. من پێموایە زمانی کوردی زۆر بەئاسانی و زۆر پاراوتر و کوردانەتر لە "وەرگێڕانەکەی پەیامنێر" یش, توانای دەکومێنتێکی نەک چوار لاپەڕەیی بەڵکو سەدان لاپەڕەشی هەیە.

ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و پەرلەمان کردیان, ئەوە نزمکردنەوە و هەتککردنی زمانی کوردیە, بەڵام لەڕاستیدا کارێکی سەیر نییە, ئەگەر بزانین ئەوان مەنتالی خەباتیان مەنتالێکی ئۆتۆنۆمیخوازانە و خۆگونجاندنە. ئەوان کەپێیان وایە "دەبێ" ئاڵایەکی ئێراقی بەسەریاندا بشەکێتەوە, ئەوە واتای ئەوەیە ئەوان ناتوانن خۆیان لە کەلتوری کۆیلایەتی دەربازبکەن. بۆیەش ئەوان لایان ئاساییە بەبۆنە و بێبۆنە بە زمانی داگیرکەر بدوێن و ئەو زمانە بکەنە زمانی نووسینی تێکستەکانیان.

لەلایەکی تر دەزانین پەرلەمانتارانی سەر بە یەکێتی و پارتی بێدەنگی و ملکەچی هەڵدەبژێرن و کارێ ناکەن "کراویان بپەڕی". بەڵام خۆ ئەو پەرلەمانە نوێییە هەندێ ئەندامی سەر بەلایەنی دیکە و سەربەخۆی تێدایە (مەبەستم ئیسلامیەکان نییە). باشە ئەوان بۆ کەسیان ئەو تێکستە عارەبیەیان جیربەجیڕ نەکرد, بەچڕوچاوی سەرۆکی پەرلەمانیان دانەدا و بە توڕەیی نەچوونە دەرەوە. ئەدی ئەوان چۆن نوێنەری گەلن! چۆن دەکرێ لە خانووی نوێنەرانی گەلی کوردستاندا تێکست بەزمانی داگیرکەر و ئەنفال بێت و بەسەر نوێنەرانی گەلیشدا تێپەڕێت!

بەڵام ئایا کێشەکە لاوازی زمانی کوردییە؟! ئایا کێشەکە ئەو ڕەوتە ڕامیارییە نییە کە لە باشوری کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت؟ بۆنمونە ڕۆژانە وشەی نوێی عارەبی دەخرێنە ناو زمانی کوردی و لە میدیا و ڕاگەیاندنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دەبیندرێن. وەکو بڵێی هەوڵی زیاتر لەیەکتر نزیک بوونەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانی عارەبی دەدرێت. وەکو ئەوەی چۆن ئەو دوو دەسەڵاتە ئاراستەکەیان ئێراقی بوونە و دەیانەوێ ببنە خەڵکێکی خاوەن ماف لە ئێراقێکی یەکگرتوودا, چونکە وەکو خۆیان دەڵێن ئەوان خۆیان لەگەڵ برای عارەبیان بەچەپکەگوڵ دەزانن و دەبێ لەیەکتر نزیک ببنەوە و بەیەکەوە سەروەری ئێراق بپارێزن.

گەر سەیری سەرکردە و دەسەڵاتدارانی گەلانی دیکە بکەین (ئەوانەی خەبات بۆ ڕزگاریان دەکەن), سەیر دەکەین هەڵسوکەوتی کەسیان لەوەی سەرکردەکانی کورد ناچێت. بۆنمونە هیچ سەرکردەیەکی فەلەستینی ئامادە نییە بە زمانی جولەکان بدوێ و هەر بە پێویستیشی نازانێ فێری زمانی نەتەوەی داگیرکەر ببێت. تا ئێستا نەم بیستووە کەس ئەوانی بە ڕەگەزپەرست دانابێت, بەپێچەوانەوە بەڵکو هەموو جیهان لەو مافەیان دەگات.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت, کەوا زمانی کوردی زمانێکی لەبارە و بەشی خۆی دەوڵەمەندە, ئەوەی سەرکردەکانی باشور و پەرلەمان کردیان, ئەوە کەمنرخکردنی زمانی کوردیە و بەرزکردنەوەی زمانی عارەبی و ئەنفالە بەسەر زمانی کوردیدا, ئەوەی ئەوان کردیان سکەندالە و هیچ پاساوێکی بۆ نییە. لەڕاستیدا زمانەکە کێشەی نییە, ئەوانن کێشەیان هەیە.